جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێم و شاندێکی سێناتی ئەمریکا تاوتوێی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیان کرد



قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران پێشوازی کرد لە وەفدێکی سێناتی ئەمریکا کە پێکهاتبوو لە سیناتۆر تێد باد، سیناتۆر جێنی ئێرنتس و وەفدێکی یاوەریان و لە کۆبوونەوەی نوانیاندا پرسی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و ئەمریکا و هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و چەند پرسێکی دیکە تاوتوێ کران.

لە کۆبوونەوەکەدا ڕۆژی شەمە (٤ی ئایاری ٢٠٢٤) بەڕێوچوو و هەر یەکە لە باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق و کونسوڵی گشتیی ئۆو وەاتش لە هەرێم ئامادەی بوون. وەفدەکەی سێنات پشتگیری ئەمریکایان بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە و ئاماژەیان بۆکرد سەردانەکەیان نیشانەی پابەندیی ئەمریکایە بۆ گرنگیدان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان.

جێگری سەرۆک وەزیران، سوپاسی پشتیوانی و هاوکارییەکانی ئەمریکای کرد بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ تایبەتیش لە ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر و پرسەی چاکسازی لە هێزەکانی پێشمەرگەدا.

لە تەوەرێکی کێبوونەوەکەدا باسی دۆخی ئاسایشی کوردستان و عێراق و ناوچەکە کرا. هەردوولا هاوڕابوون کە هەماهەنگیی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق و هاوپەیمانان گرنگ و پێویستە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیدارەکانی تیرۆر، بەوپێیەی هەڕەشەیەکی جدییە بەسەر ئاسایشی عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە.

لە بەشێکی دیکەی کێبوونەوەکەدا باسی دۆخی ناوخۆی هەرێم و پرسی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان کرا. قوباد تاڵەبانی هەڵوێستی خۆی و یەکێتی بۆ وەفدی میوان ڕوونکردەوە و ڕایگەیاند؛ هەر هەوڵێک بۆ دواخستنی هەڵبژاردن ڕەتدەکەینەوە، چونکە دواخستنی لێوە زیاتری هەڵبژاردن، زیانی گەورە بە شەرعیەتی دامەزراوەکانی هەرێم دەگەیەنێت و جگە لەوەش پرسی دیموکراسی لە هەرێم دۆخاتە مەترسیەوە.

سەبارەت بە پەیوەندیەکانی هەرێم و بەغداش، جەگری سەرۆک وەزیران ئاماژەی بەوەدا بەرەوپێشچوون لەبارەی پرسی بودجەی هەرێم و مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم هەیە. وتیشی: هەموو هەوڵێک دەدەن ئەم کێشەیە و کێشە هەڵپەسێردراوەکانی دیکە بە شێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەر بکەن.